هەواڵ

تۆنی بلێر لە پێوەندی لە گەڵ عێراق دا، هوشداری دا

ئەمڕۆ سێ شەممۆ، تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، پێویستیی هۆ و ئەگەرەکانی لێدانی عێراقی لە ڕێگای هێزی سەربازی یەوە، ڕوون کردەوە.بەرێز بلێر لە قسەکانی دا کە بۆ نوێنەران و لێپرسراوانی سەندیکا کرێکاری یەکاندا دوا، وتی:ڕێگادان بە سەدام حوسێن، بەمەستی وەچنگ خستن و بەدەست هێنانی چەکی بە کۆمەڵ کوژ، بە کارێکی بەتەواوی نا بەر پرسیارانە دەژمێردرێت.سەرۆک وەزیرانی بریتانیا وتی: نابێ ئیدی عێراق درێژە بە گاڵتە و یاری یەکانی بدا و هەر جارە و چەند مەرج و شەرتێکی نوێ دیاری بکات و بەم بیانووانە لە یاسا و دەستوورەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆی دیاری کراوە، خۆی گێل بکات و لێیان لابدات.ئەو گوتی: ئەگەر ڕێژیمی عێراق بەم شێوەیە درێژە بە سیاسەتی سەرپێچی کردن بدات، ئەوا هەنگاوی بەکردەوە لە دژی، دەهاوێژین.

هەر لەم پێوەندی یەدا، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ڕوونی کردەوە کە دواییین ڕێگا چارە بۆ ئەم مەسەلەیە، دەبێ دەست تێوەردانی هێزی نیزانی بێ.

بەشێک لە بەشدار بووانی کۆبوونەوەی ساڵانەی سەندیکا کرێکاری یەکان کە لە شاری)بیلک پوول (لە باکووری بریتانیا بەڕێوە چوو، لەسەر سەخت ترین ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی بلێر، لە پێوەندی لەگەڵ عێراق دا، بوون.بەشێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی سەندیکا کرێکاری یەکان، هەر لە ئێستاوە لە سەر ئەو خاڵە پێ دادەگرن کە لە هیچ چەشنە هەنگاوێکی سەربازی بە مەبەستی لێدانی عێراق، پشتیوانی ناکەن، تا ئەو کاتەی کە ئەم هەنگاوە سەربازیە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند و پشتیوانی لێ نەکردرێ.

سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزی و ڕقەبەرایەتی نێوان ئیسرایل و فەلەستینی یەکان دا گوتی: پێویستە کە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی جارێکی دیکەش پەی جووری بڕۆسەی ئاشتی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بێ.ئەو گوتی: ئەم مەسەلەیە دەبێ لەسەر بنەمای ئاسایشی ئیسرایل، لە چوارچێوەی سنوورەکانی و هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەردەوام و هەمیشەیی فەلەستینی یەکان، چارەسەر بکرێ.

بلێر گوتی: تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، دەبێ لەگەڵ تێکۆشانێکی نوێ، بەمەبەستی خەبات لە دژی تێرۆریزمی نێو دەوڵەتی هاوگەنگاو و هاو تەریب بێ.

وەرگێڕانی لە فارسی یەوە: ئاکۆ ئەلیاسی.۲۰۰۲/۹/۱۰
سەرچاوە: ماڵپەڕیBBC

www.kurdistannet.org